# ستایڵی ئەرەبیسك، مەترسییەكی گەورەیە بۆ سەر هونەری كوردی

ئا : هارمۆنی

(( ئاكۆ عەزیز ))ی تەمەن ٣٦ ساڵ یەكێكە لەو موزیسیانانەی كە ساڵانێكی زۆرە لەبواری موزیكدا كار دەكات و تا ئێستا چەندان ئاواز و كاری دابەشكردنی بۆ زۆرینەی گۆرانیبێژەكانی دەرەوەی كوردستان ئەنجام داوە و ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی و سەرقاڵی خوێندنە لە بواری موزیك.

لە دیمانەیەكی هارمۆنی ئاكۆ باسی لەوە كرد كە ئەو لە ساڵی ١٩٧٨ ەوە سەرەتا وەك كۆرس و كۆمبارس كاری هونەری كردووە و دواتر لەسەر دەستی مامۆستا سەلاح رەئوف دەستی كردووە بە ژەنینی ئامێری كەمانچە و تا ئێستاش بەردەوامە.

ئاكۆ لە درێژەی قسەكانیدا ئاماژەی بەوەشدا كە دواتر بەشی موزیكی پەیمانگای هونەرەجوانەكانی سلێمانی تەواو كردووە، لە هەمان كاتدا ئەوەشی وت، كە دواتر چۆتە بەغداد و بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری موزیكدا بە دەست هێناوە.

ئاكۆ زیاتر دواو و باسی لەوەش كرد كە لە ساڵی ١٩٩٧ رووی كردۆتە وڵاتی ئەڵمانیا و دوای ئەوەی چەند ساڵێك بەبێ وەرگرتنی مافی پەنا بەرێتی ماوەتەوە لە میدیاكاندا خەریكی كاری موزیكی بووە، بەڵام دوای پێنج ساڵ و نیو واتە دوای وەرگرتنی ئەو مافە ماوەی ساڵ و نیوێكە خەریكی خوێندنە لە بوارەكەی خۆیدا و وتی": ئێستا لەلای مامۆستایەكی ئەڵمانی سەرقاڵی خوێندنم و ماوەی ٦ مانگم ماوە، كە بڕوانامەیەك وەردەگرم لە دبلۆم بەرزترە".

موزیسیان ئاكۆ عەزیز تیشكی خستەر ئەوەی كە ئێستا لەگەڵ موزیسیان شێركۆ حەمە ساڵح كارێكی ئۆركێسترایی بۆ گۆرانیبێژ مستەفا دادار ئەنجام دەدەن.

ئەو هێمای بۆ ئەوە كرد كە تا ئێستا میللەتی كورد بەشێوەیەكی گشتی تێگەیشتنیان بۆ موزیك نییە، دەڵێت" ئەگەر كۆنسێرتێكی موزیك بكرێت دەبینین كەمترین خەڵك ئامادەی دەبێت ".

ئەم موزیسیانە لە قسەكانی بەردەوام بوو، ئەوەشی وت كە پێویستە سەرەتا ئێمە مۆركێكمان هەبێت، دواتر ستایڵ بگرینە بەر، لەگەڵ ئەوەشدا روونیكردەوە كە خەریكە موزیك و گۆرانی كوردی بە تەواوی دەچێتە سەر ستایڵی ئەرەبیسك و ئەوەشی بە خەتەرێكی گەورە بۆ سەر هونەری كوردی وەسف كرد و وتی" پێم خۆشە هەموو ستایڵێك بێتە ناو هونەری كوردییەوە، بەڵام ئەرەبیسك ستایڵێكە زیاتر لە توركەكان نزیكترە و لای ئەوانەوە هاتووە و هەستی كوردی تیا بەدی ناكرێت"، ئاكۆ زیاتر لەسەر ئەرەبیسك قسەی كرد و نموونەی كوردەكانی كوردستانی باكووری هێنایەوەو روونیكردەوە كە ئەو ستایڵە زیاتر نزیكترە لە ئەوان، بەڵام ناوبراو پێی سەیر بوو كە ئەوان كەمتر ئەرەبیسك بەكاردەهێنن و دەڵێت" بەڵام دەبینین كە كوردەكانی باكووركەمتر لەسەر ئەو ستایڵە كار دەكەن و درێژە و داهێنان بە ستایڵەكەی خۆیان دەدەن!".

